# بێ ئامانجی لەتەوەری ئەدەبیدا

تەیفور خورماڵی

وەک ئاشکرایە کەرۆژانە لەزۆرێک لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا، تەوەری ئەدەبی دەوروژێندرێت لەمەر سەرجەم لەژانرەکان، وەبەتایبەتی کە ئەوەی لەم رۆژەدا بۆتە باوو زۆرترین قسەی لەسەر دەکرێت دزینی ئەدەبیە، بۆیە پێش چونە نێو ناوەرۆکی بابەتەکەمەوە دەمەووێت بڵێم کە مایەی دەستخۆشیە کە ئەو شێوە تەوەرانە سازو ئامادە دەکرێت.

بەلاّم دەبێت ئەوەش بزانین کەسەرجەمیان بەبێ ئامانجیەت دەمێننەوەو وەک چۆن بڵێی قفڵی مەسەلەکە بەهەڵبەستراوی دەمێنێتەوەو هیچ جۆرە کۆتاییەک بەجێ ناهێڵێت، کە دەکرێت ناوی لێ بنێین کات کوژی، کات کوژی بەو مانایەی کەئەوانی بلاّو کراوە هەڵدەستن بەسازدانی گرنگترین تەوەرە ئەدەبیەکان، کەچی وا دەردەکەوێت ئەم جۆرە وروژاندنانە تەنها لەبەر ژەوەندی بڵاوکراوەکان بێت نەک بەرۆشنبیری کردنی خوێنەر، خوێنەرێک کە هەمیشە عەوداڵی ئەو جۆرە کارکردنانەیە کە پێشتر باسمان لێوەکرد، هەروەها خوێنەری راستەقینە هەمیشە وێڵە بەدوای سەرەداوی بابەتەکەو کۆتایی ئامانجەکە.

ئەگەری بەجدی قسە لەسەر خودی تەوەر بکەین دەبێت هەڵگری پێناسەێکی بێلایەنەبین، بێلایەنی بەو مانایەی کەدوور لەهەموو کین و ناحەزیەک ناوەرۆکی تەوەر بخەینە سەر گازەرەی پشت..؟ بۆ، لەبەر ئەوەی خودی تەوەر پەیامێکە یان بڵێین راستیەکە هەمیشە رووبەرووی خوێنەر دەبێتەوە.

ئەوە تەوەرە کە رەش و سپی و دزیوو داهێنانمان بۆ لێک جودا دەکاتەوە، تەوەرە کە پێمان دەڵێت فلاّن کار پەیامێکی راستگۆیانەی لەپشتەوەیەو ئەوی بەرهەمیش لەلایەن چەند سەرچاوەێکەوە کە بەبێ ئاماژە دەنوسرێنەوە سەر پشکانە دەبێتە دزیەکی قووڵی ئەدەبیات، دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە خودی ئەدەبیات سادەیە گەر بڵێین زۆرێک لەئەدیبان لەژێر کاریگەری فلاّن فیساردا دەنووسن، بەلاّم خۆ ناشکرێ ئەوی ئەدیب ئاماژە بە کاریگەری یاخود هێنانی فکرەی نووسینی ئەوی ئەدیبی ترەر نەکات،

**دەردەکەوێت ئەم جۆرە وروژاندنانە تەنها لەبەر ژەوەندی بلاوکراوەکان بێت نەک بەرۆشنبیری کردنی خوێنەر،**

بائیتر جدیانە کار لەسەر سەرپشک خستنی تەوەر بکرێت و وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد بەدووربێت لە گشت خواست و مەرامێک ئەویش لەپیناوی بەرز راگرتنی ئاست و ژانرە ئەدەبیەکان، ئەگەر ئێمە بگەرێینەوە بۆ سەرەتا یاخود لەمێژینەی بوارە جیا جیاکانی ئەدەبیات دەبینین کە خودی ئەو دزییەی کە هەمیشە ئاماژەی پێ دەدرێت ئیدی هەر لەئایینەکانەوە بگرە تا تەواوی پەرتووکە دێرینەکان سوودیان لەێکتر وەرگرتووە، هەروەها بەسەدان لێکۆڵینەوەی تیۆری لەمەڕ ئەو مەسەلانەوە نووسراونەتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر بەوردی بەرهەمی فەیلەسوفەکان بخوێنینەوە دەبینین کە لێک چوون لەناوەرۆکی بابەتە فەلسەفیەکانیادا دێتە ئاراوە.

هێنانەوەی ئەم مەسەلەیەم بۆ ئەوەیە کەدەبێت ئەوانەی بەشداری لە خودی تەوەردا دەکەن کەسانێک بن پر بەمانا خوێنەری راستە قینە بن، ئەو خوێنەرەی بەدیتنی یاخود خوێندنەوەی هەر بابەتێک راستەوخۆ خودی ئەو بابەتە بیانباتەوە بۆ لای ئەو نووسراوانەی کە پێشتر خوێندویانەتەوە.

ئەم کارە چۆن دەردەکەوێت بێگومان دەبێت خودی ئەو خوێنەرەی باسمان لێوەکرد چێژوەرگری بابەتە هەنووکەیەکان بێت، لەبەر ئەوەی ئەمی خوێنەر کاتێک بابەتێکی سەرنجراکێشی یاخود جوان و داهێنەرانەی دێتە بەرچاو، دەبێ بەئاگا بێت لەوەی کە ئاخۆ ئێستاتیکای ئەو بابەتە تاکلایەنەو داهێنانە یاخود کاریگەری نوسەرانی پێشووتری بەسەرەوەیە، یا دەقاو دەق هێنانی بابەتی تری پێوەدیارە.

هەر لێرەوەو لەمەڕ ئەم بابەتەم دەکرێت بەوردی رەخنەی خۆم ئاراستەی ئەو رەخنەگرانە بکەم کە ناخیان پڕ پڕە لەکین و لە هەر دیدارو چاوپێکەوتن و تەوەرێکدا بەراست و چەپدا ئەوەی بەزاریان دابێت دەیڵێن، ئیدی بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە خۆشیان دەکەونە ژێر رەخنەی توندەوە..؟

رەخنەگرمان هەیە هەندێک لەئەدیبان رەفز دەکاتەوەو هەندێکی دی کەزۆربەیان نەک هەر کاریگەری بەڵکو دزێکی مەعقولی بواری ئەدەبیاتەوە دەتوانین بڵێن بەهۆی کلتوورو فەرهەنگی دراوسێکانمانەوە بەتایبەتی (فارس) وەکو (سوهراب سوپهەری) ، (فروغی فروغزاد) ، (ئەحمەدی شاملو)، ئەمانە لەکاتێکدا کە کاکی رەخنەگر وەک کەسانی داهێنەر تەماشایان دەکات بەلاّم ئەو رەخنەگرە ئەزیزە هەر لەخۆڕاو بەبێ هیچ دەلیلێک فلاّن و فیساری قبوول کەر بەباش دەزانێ و لەهەمان کاتدا لە خودی یەکێک لەتەوەرەکاندا باس لەشەهامەتی خۆی دەکات کە گوایە دەقی ئەوانی قبووڵکەری وەرگێڕاوەتە سەر فەرهەنگ و زمانی بیانی.

**هێنانەوەی ئەم مەسەلەیەم بۆ ئەوەیە کەدەبێت ئەوانەی بەشداری لە خودی تەوەردا دەکەن کەسانێک بن پر بەمانا خوێنەری راستە قینە بن**

ئاخر ئەگەر بواری رۆژنامەوانی و ئەدەبیات بەتایبەتی تووشی نەهامەتی نەبووبێت یان وردتر بڵێین بەهۆی بێ رەخنەگرییەوە کە لەئێستای بواری نوسیندا گەورەترین قەیرانی رەخنەییمان نەبێت تەواوی بلاکراوەکان هانا بۆ ئەو کەسە نا رەخنەگرانە نابات، کەسەرنجام گەورەترین کەلێن لەپاش خۆیان بۆ ئەدەبیات بەجێدێلن، لەلایەکی ترەوە تەواوی بڵاوکراوەکان ئەم هەڵەیان قۆستۆتەوەو بەکارێکی هەرە باشی لەقەڵەم دەدەن، چونکە بەو هۆیەوە باشترین پڕفرۆشی بۆ بڵاوکراوەکانیان بەدەست دێنن،



ئەمەیە نەگبەتی لەلای ئێمە کە هەموو رۆژێک بازرگانی بەنوسراوو بیرو راکانمان دەکرێت، رۆحی وشەکانمان دەکرێت بەداهات و دەچێتە نێو جزدانی دەوڵەمەندانی گورگ ئاسای وشە فرۆشەوە.

**خودی ئەو دزییەی کە هەمیشە ئاماژەی پێ دەدرێت ئیدی هەر لەئایینەکانەوە بگرە تا تەواوی پەرتووکە دێرینەکان سوودیان لەێکتر وەرگرتووە**

بۆ ئەوەی لەفکرەی نوسینەکەم لانەدەم دەبێت بگەرێمەوە بۆ ناوەخنی بابەتەکەم کە تایبەتم کردووە بە ئامانجیەت لەتەوەری ئەدەبیدا.

بێ ئامانجیەت بەو مانایەی کە ئەوەی بینیومانە بەناوی تەوەرەوە شتێکی وەهای لەلا بەجێ نەهێشتووین کە ببێتە مایەی هەمیشە قسە لەسەر کردن، تائێستا تەوەرێکم بەرچاو نەکەوت کە لەدواین ساتەکانی وتنیاندا هێمایەکی سەر سورمان..! لەلای خوێنەر بەجێ بهێڵێت، بۆیە دەکرێت ئەم جۆرە تەوەرانە ناویان لی بنیین دەمەتەقێی سەپێی و بازاری، نەک ئەکادیمی و پسپۆری لەو بوارانەی کە تەرخان دەکرێت بۆ قسە لەسەر کردن ، لەکۆتاییدا دەڵێم بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی فەهەنگێکی رەخنەگریانەی بەپێز پێویستە کە، لەلایەن خەم خۆرانی بواری ئەدەبیاتەوە کۆمەڵێک گەنج تەرخان بکرێن و رەوانەی یەکێک لەو وڵاتانەیان بکەن کە لەبواری رەخنەدا دەوڵەمەندن

Taifur_63@hotmail.com

# زانستی سیاسەت و بەشە هاوپەیوەندیەکانی

وەرگێڕانی: ئەمیری حاجی محەمەد

بەشی شەشەم و کۆتایی

**پاشماوەی زانستی سیاسەت و مەردم ناسی**

بۆیە ئاشکرایە کە توێژینەوە دەربارەی تایبەتمەندیە دەرونیەکانی ئەم کۆمەڵگانە پێویستە تاکو ئاراستەی ئەگەری گەشکردنی ئەوانە دیاری بکرێت. زۆربەی ئەم کۆمەڵگانە کۆمەڵگەلیکی خاوەن دابونەریتی دێرینی جودا لە رۆژئاوان و رێکخراوە سیاسیە خۆجێیەکانی ئەوان هێشتا بەتوندی لەژێر کاریگەری و رکێفی کەلتوری کۆنن. جا لەبەر ئەمە لێکۆڵینەوەی ئەم کەلتورە دێرینانە گرنگی زۆری هەیەو ئەم کارەش نیازمەندی هاوکاری سیاسەتناسانە لەگەڵ مەردم ناسان و کۆمەڵناساندا.

لەم تازەییەدا، تیۆری سیاسی چەند دەستەواژەی لە مەردم ناسیەوە وەرگرتووە. لەنێو چەمکە وەرگیراوەکان لە مەردم ناسییەوە کە بەکار هێنراوە لەبۆشی کردنەوەی رەوتی خولقاندنی گەل، دەتوانرێ بە تەکاملی کۆمەڵایەتی، خۆیشی فەرهەنگی، ئاوێتە بونی فەرهەنگی، و قبووڵ کردنی فەرهەنگ ئاماژە بکرێت. زانستی سیاسەت لەپێش هەر شتێک زیاتر پێویستی بەنوژەن کردنەوەی بیردۆزی سیاسیە، بە شێوەیەک کە هەموو کۆمەڵگەکان چ سادەو چ ئاڵۆز لە خۆی بگرێتەوە. مەردم ناسی و کۆمەڵ ناسی جەخت لەسەر هاندانی پەرەپێدانی رادەی کارکردن لەزانستی سیاسەتدا دەکەن. تیۆری رادەی کارکردن، لە کاریگەرترین رێگاکانی باس و لێکۆڵینەوەیە لەسەر جۆراوجۆری دیاردە ستاسیەکانی وڵاتانی تازە سەربەخۆ. ریشەو ئەسڵ ناسی دێرینی سیاسەتی (تطبیقی) ئیتر جۆراوجۆری بەرفراوانی دامەزراوە سیاسیە نوێکان ناگرێتەو خۆی.

**F_ زانستی سیاسەت و سەرژمێری (آمار)**

شێوازی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی وردە وردە چەندایەتیتر (کمی تر) بووە. سیاسەتناسان نرخاندنی چەندایەتی دیاردە سیاسی و کارگێرییەکان بەهۆی سەرەکی بەدەستهێنانی زانیاری دەزانن. بەهۆی پێشکەوتنی بیردۆز و شێوازە سەرژمێریەکان و لاخوازیە (حەز = گرایش) تازەکانی بەئەندازەگیری و پێوەرە سەرژمێریەکان و کاودانە کۆمەڵایەتیەکان بەپەیوەندی زانستی سیاسەت و سەرژمێری قووڵ و نزیکتر بووەتەوە.

هەرچەند زانستی سیاسەت لە بەکارهێنانی چەندایەتی (کمی) سەرنەکەوتووە. بەلاّم توانایەکی زۆری لەم بارەوە. هەیە. بەرێوەبەرایەتی (اداری) گشتی کاروباری ئایندە. بەوتەی (گارنر) لە لێکۆڵینەوەی دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵەیەتیەکان، سەرژمێری هەمان رۆڵی هەیە کە میکرۆب لە ناسینی زیان و کارە پزیشکیەکاندا هەیەتی. بۆ دەستگەیشتن بە پرەنسپە گرنگەکانی، توانای تێگەیشتنی رێبازە سەرژمێریەکان بۆ کارگێرانی وڵات زۆر پێویستە. زانیاری بنەمای سەرژمێری و شێوازی نموونەگرتن بۆ سیاسەتناسان ددیسان بەسوودە و لە بنەرەتدا زۆر بایە کە ئەم جۆرە کەسانە (بیرکردنەوەی سەرژمێری) یان هەبێت. لەهەمانکاتیشدا، سەرژمێری ئامرازێکە کە بەکارهێنانی دورستی ئەو تەنیا لەتوانای سیاسەتناسەکە زانیاەی و باسینی قووڵ و وردی لەزانستی سیاسەتدا هەیە.

**G _ زانستی سیاسەت و جوگرافیا**

جوگرافیا لە دەورووپشتی سروشتی ژیانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە. هەندێ لەبیرمەندان لەو باوەڕەدان کە هەلومەرجی جوگرافیای و سروشتی کاریگەری لەسەر تایبەتمەندی و کەسایەتی خەڵک و ژیانی نەتەوەیی و دامەزراوە سیاسیەکانی ئەوانە هەیە. ئەرەستۆ باوەری وابوو کەبەبێ جوگرافیا عەقڵ هەمیشەیی و بەردەوام نیە. ( ژان بودن)، یەکەمین بیرمەندی سەردەمی نوێیە ئاماژەی بەپیوەندی نێوان زانستی سیاسەت و جوگرافیا داوە. (رۆسۆ) هەوڵی داوە پەیوەندی لەنێوان هەومەرجی هەرێمی و شێوازی حکومەتەکان پەیدابکات و بەڵگەی هێناوەتەوە کە هەرێمە گەرمەکان ئامادەی دیکتاتۆری، هەرێمە ساردەکان ئامادەی حکومەتی درندە سیفەت، و هەرێمە میانەییەکان ئامادەی حکومەتی کۆمەڵگەی باشە ( مۆتسکیۆ)ش جەختی لەسەر کارلێکەری دەوروو پشتە سروشتیەکان، حکومەت و ئازادی خەڵک کردۆتەوە .( بوکڵە) گوتی کە کارەکانی تاکەکان و کۆمەڵگەکان دەکەوێتە ژێر کارلێکەری دەوروو بەرە سروشتیەکان، بەتایبەتی هەرێم، خۆراک، خاک و لایەنە گشیەکانی سروشت ئەم بیرمەندانەو کەسانی تریش هەولیان داوە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا فەلسەفەیی بکەن و بەپێی هەڵکەوت هەر یەکێ لەوانە بەخت و شانسی وڵاتەکەی خۆی گەورە کردۆتەوە. ئەم کارەش بەشێوەی سروشتی جێی گومان لێکردنە سەبارەتر بە دروستی زانستی ئەم جۆرە گشتاندە. تەنانەت ئەگەر دەورووپشتی سروشتی کاریگەریشی لەسەر قولق و خووی مەردم، دامەزراوەکان و کەماڵ بوونی ئەوانە هەبێت. پێشکەوتنی شارستانیەت مرۆڤی بەتوانا کردەوە کە هۆکارە سروشتیەکان زیاتر قەمتەر (مهار) بکات و زاڵبێ بەسەریانا، بەشێوەیەکە ئیتر دەوروو بەری سروشتی ئەوتۆ کارلێکەریەکی نەبێ. زیاتر ئاماژە بەبەشێکی زانستی نوێ بەناوی (سیاسەتی جوگرافیای) دەکرێ کە لەکاریگەری هۆکارە جوگرافیاییەکان لەسەر سیاسەتە دەرەکی و ناوخۆیی وڵاتە جۆراوجۆرەکان دەکۆڵێتەوە. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە، بەتایبەتی لەپرسگەلێک وەک سنوورە سروشتیەکانی دەوڵەت و کارلێکەریان لەسەر کێشە ستراتیژییەکان و هەل و مەرجەکانی وڵات لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا، گرنگی زۆری هەیە. لەکۆتایی ئەم بابەتە، لەناسینی گشتی ئاستی گەشەی زانستی سیاسەت دەبێ بگوتیرێ کە گۆرپان و ناوەرۆک و خوێندنیشی بەشێوە جۆراوجۆرەکان، بەندە بەئاستی گشتی گەشەو پەرەسەندی سیاسی کۆمەڵگەوە. لەو کۆمەڵگەیانەی کە بەتەواوی لەرووی سیاسەتەوە بەرەیان نەسەندووە، فێرکردنی زانکۆیی زانستی سیاسەتیش لەقۆناغی سەرەتاییدایە. ئەگەر لەدەرەوەی زانکۆ و لەئاستی کۆمەڵگەدا، ئەدەبی سیاسی گەشەی نەکردبێ بێ بەروبووم (بێ بەرهەم) دەبێ. بەلاّم ئەگەر کۆمەڵگە زانیاری سیاسی بەدەست بێنێ و بەکۆمەکی هەندێ زانستی تری کۆمەڵایەتی، رەوتی ئازادی ئاڵوگۆری زانیارییەکان، بەتایبەتی زانیاریە سیاسیەکانی تێدابێت، لێکۆڵینەوەی سیاسیەکانیش ئەگاتە ئاستێکی بەرز لەگەشەکردندا.

دەروون دونیا

## هەنگاوێکی دیکە بەرەو وێرانی

دەڵێن ئاغایەک هەبوو لە کوردستانی خۆمان، زۆربەی پیاوەکانی لەڕو لاوازبوون، جارێکیان میوانێکی دێت و لەدیوەخان پێکەوە قسان دەکەن، پێی دەڵێ ئەرێ ئاغا ئەوە بۆچی زەلامەکانت وا لەرو لاوازن، خۆ بەرگەی هیچ ناگرن، ئەویش لەوەلاّمدا دەڵێ: براگیان خۆمن نەشەریان پێ دەکەم لەگەڵ دەرەبەگی دیکە، نەدەشیان فرۆشم، ئیتر قەڵەوییان بۆچییە؟ جووتیاری ئەم گوندەش هەر ئەم زەلامانەیان بەسە. گرنگ ئەوەیە من سامانم دەستکەوێ و پارێزراوبم ئیتر لاواز دەبن و گوند کاول دەبێ لای من بایەخی نییە.. لەبیرمە کە لەساڵی حەفتاکانیش دەیان گووت، بۆیە شۆرشی کورد شکستی خوارد چونکە لە (سەلکە تورێکەوە) هەتا گەورەترین پێویستی، پشتی بەدەرەوەی کوردستان بەستبوو، بۆیە نەیتوانی بەرگە بگرێ و خۆراگربێت.. کوردستانی ئێستاش کە زیاتر لە (١٦ ساڵ) ئازادبووە هەتابێت بەرەو لاوازی و بۆ دواوە دەگەرێتەوە،.. هەموو حکومەتەکانی هەرێم نەیانتوانی گوندەکانی ئاوەدان بکەنەوە و ئابوری کوردستانی پێ ببوژێننەوە. چونکە گوندێک ئەگەر رێگاوبانەکانی چاک نەکرێ و قوتابخانەو نەخۆشخانەی بۆ تەگبیر نەکرێ، هیچ ماقووڵ نییە لەم سەردەمی جیهانگیری و پێشکەوتنەدا خەڵکێک هەبن وەکو (ئامە زۆینەکان) دوور لەشارستانی بژین. سەرەڕای ئەوەش ئەگەر بەراوردی نرخی بەرهەماکانیان بکرێت لەگەڵ نرخی بازاردا، دەبینی دوکاندارو جامبازو عەلوەچییەکان دوو ئەوەندەی جوتیارەکە زیاتر قازانج لەو بەروبوومە دەکەن لەکاتێکدا هیچ ماندوو بوونێکیان نەچەشتووە، ئەم بێ سەرو بێ بەرەییەی بازار دیارە تاوانی (حکومەت)ە بەپلەی یەکەم بۆیە خەڵکیش دووبارە گوندەکان چۆڵ دەکەنەوە کێشەوی سووتەمەنی و کارەبا لای ئەوانەی (سپلیتیان) بۆ ئاودەستەکانیشیان داناوە وجودی هەرنییە بۆیە ئەوەندەش بەهەوڵییەوە نینن، دایکە شەهیدی وا هەبوو کە (سێ کوری) لەباران لێی داوە بۆ ١٠٠ لیتر نەوت.. بەهەزاران شۆفێر شەوانە لەبەر ٤٠ لیتر بەنزین سەرما هەڵیانی دەقرچاند. کەچی تازە بەتازە حکومەتی عەرەبی عێراق ئامێری کارگەی پاڵاوتنی نەوتی شیواشۆک دەباتەوە بۆ بەغدا هەتا کورد چاوی لەدەستی ئەوان بێت.. شارەزوورو بتوێن و خۆشناوەتی توتنی دنیایان چاندووە بەلاّم فایدەی چی کارگەی توتن شکاوە، لەبەرئەوەش چاکی ناکەنەوە هەتا بازرگانی جگەرەو توتن لەدەرەوە کزنەبێ.. حکومەتێک ئەمانە بیرکردنەوەی بەرپرسەکانی بێت و هەمیشە لەخەونی دروستکردنی باڵەخانەی تایبەتی و بەنزینخانەی تایبەتی و شوێنی حەوانەی تایبەت ئیقامەی ئەوروپابن. دیارە خەونی میللەتەکەش بەقورا دەچێ وولاتیش لەمە وێران تر دەبێ. ئینجا خوابکەم کارەساتی خراپتری وەکو حەفتاو هەشتاکانی بەدواوە نەبێ. چونکە تاقە زەرەر مەند لەوکاتەدا تەنها گەلی هەژاری کورد دەبێ.